# کەرتی بازرگانی
# واقیع و ئومێد

## ئایا چەند بازرگانەکان هۆکارێکن بۆ هەڵاوسانی نرخەکان؟

بازرگان و سەرمایەداری کورد ئاسۆیەکی فراوانیان لەبەردەم بەگەڕخستنی سەرمایەگوزاریدا بۆ کراوەتەوە، گۆڕانکاری بنەڕەتیش بەسەر شێوازی بەڕێوەچوونی کاری بازرگانی هاتووە.. بەڵام لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی بازرگان و پیشەسازیکاران کەچی گرفت و کێشەکانی کەرتی بازرگانی زیاتر بووە، تا چەند رەخنە و گلەییەکانی ئەم کەرتە لە جێی خۆیەتی؟ ئایا ئەوان هۆکارێکن بۆ گرانی بازاڕ؟ ئاستی لێپرسینەوە و رێکخستنی ئەمبوارە چییە؟ چی میکانیزم و هەنگاوێک بگیرێتە بەر بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان، واقیع و خەسڵەت و بەرنامەی کەرتی بازرگانی تا چەند لەلایەن ژوورەکانی بازرگانی بایەخی پێ دەدرێت، لە گفتوگۆیەکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێز دارا جەلیل خەیات سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر کرد، لێرەدا پوختەی دیالۆگەکە بڵاودەکەینەوە.

گفتوگۆ: شەماڵ نوری

### سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر:
## دانانی پێوەر و پێوانە لەبەردەم هێنانی کاڵا و خواردەمەنی کارێکی پێویستە

– دارا جەلیل خەیات: بارودۆخی بازرگانی لە هەولێر بەو پێیەی سەنتەری بڕیار و حکومەت و چالاکی بازرگانییە، بۆیە زۆر لەم گفتوگۆیەدا تەئکید لەسەر ئەم ناوەندە گرنگەی هەولێر دەکەم، کە من پێم وایە سەنتەری بازرگانی کوردستانە و دەروازەیەکیشە بۆ عێراق، زۆر کاروچالاکی بازرگانی کە لە کوردستان عێراق ئەنجام دەدرێ لە هەولێرەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت..

ئەم ناوەندە بێ کەموکورتی نییە، بەڵام بەرەو گەشە و پێشکەوتن دەڕوات و چارەنووسێکی باشی دەبێت.



*** بۆ قسەکردن و گفتوگۆکردن لەسەر هەر بوارێک پێویستە زانیاری و ئامارمان لەبەردەست دابێت، وا بزانم ئەمە یەکێکە لە گرفتەکانی کوردستان، ئایا نەبوونی داتا و ئامار واقیعی بازرگانیشی کردۆتەوە؟**

– ئێمە وەکو ژووری بازرگانی و پیشەسازی کە ژمارەی ئەندامەکانمان نزیکەی ١٠ هەزار ئەندامە لە بواری بازرگانی و پیشەسازی کاردەکەن، هاوکات کەسانێکمان هەیە لەمبوارە کاردەکەن و ئەندام نین، یاخود ژمارەیەکی ترمان هەیە بەهۆی بارودۆخێکی تایبەتییەوە ئەمڕۆ ئەو کارە ناکەن، بەڵام بە تێکڕا (دە) هەزار بازرگانمان هەیە، ژمارەیەکیش لەم ئەندامانە کاری پیشەسازی دەکەن، لە ژووری بازرگانیش ئەم رێژەیە پۆلێن کراون و دابەشمان کردونەتە سەر بوارەکانی کارکردنیان.

*** ئەم ژمارەیەی بازرگانان زۆرە دەکرێت بووترێت توێژێکی گرنگ و**



**کاریگەرن ئایا ئەو بوارانەی کاری بازرگانی تێدا دەکەن جیاکراوەتەوە؟**

– لە بواری بازرگانی خۆراک بە پلەی یەکەم دێن، پاشان ژمارەیەکی زۆر لە بوارەکانی کەرەستەی بیناسازی و کەمالییات و پێداویستییەکانی تری وەکو قوماش و مۆبیلات و پێڵاو.. هتد کاردەکەن. بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ گەشەگردنی ئابووری بەرەو کەرتی تایبەت دەرگای بواری بازرگانی کرایەوە و، تادێت ژمارەی ئەندامانی ژوورەکەمان زیاتر دەبێت.

*** پێت وایە کەرتی تایبەت توانیویەتی کەموکەرتی کەرتی گشتی پڕبکاتەوە؟ ئایا لەگەڵ کرانەوەی بازاڕ و پەیڕەوکردنی لیبرالییەتی ئابووری بۆچی بەپێی پێویست کەرتی بازرگانی پێش نەکەوت؟**

–راستە من گرفت و کێشەی بەردەم گەشەکردنی ئەم کەرتە نابینم، لە کاتێکدا دەرگا کراوەتەوە و ئاسانکاری باش بۆ برادەرانی بازرگانی پێشکەش دەکەن، بەڵام بەداخەوە ئەم ئاسانکاری و یارمەتییە بەشێوەیەکی باش سوودی لێوەرنەگیراوە، بۆیە ئێمەش داوا دەکەین بە شێوازێکی زانستی پێوەر و ڕێنمایی بۆ بازرگانیکردن دابنرێ بەتایبەت لە بواری خواردەمەنی.

*** یاسا و ڕێنماییەکان لە گۆڕانکاری بەردەوام دایە، لەم دواییە یاسای وەبەرهێنانی بیانی دەرچوو، خاڵ و بڕگەکانی ناو یاساکە تا چەند لە بەرژەوەندی بازرگانی ناوخۆدایە، ئایا ئێوە لە وتووێژەکانی تایبەت بە دانانی یاساکە بەشداربوون؟**

– ژوورە بازرگانەکان ئاگاداری دەرچوونی یاساکە بوون و دیراسەت کراوە، من بە یاسایەکی باشی دەزانم و ئاڵۆز نییە، تاوەکو زۆرترین کەس لە جێبەجێکردنی یاساکە سوودمەند بێت.. ڕەنگە کەموکورتییەک لە چەند بڕگە و تەوەرێک هەبێت، بەڵام ئەمە مانای وانییە ئەم یاسایە بێ کەڵکە بە پێچەوانەوە زۆر بە سوود بوو.

*** لە دوای دەرچوونی یاساکە دەزگای وەبەرهێنان دامەزرا : ئایا پەیوەندی نێوان ژووری بازرگانی و دەزگای ناوبراو چۆنە؟**

– پاش یاسای وەبەرهێنان بوونی دەزگایەکی پەیوەندار بەمەبوارە زەروور بوو، بەراستی ئەوانیش سەرقاڵی دامەزرانی لیژنە و ڕێکخستنی پەیوەندی و کارکردنن، لە زۆر لە لیژنەکانی کە دایانمەزراندووە ئێمەش ئەندامین، دەتوانین لە ڕێگای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە سوود بە جێبەجێکردنی یاساکە بگەیەنین.

*** سەرەتا ڕەخنەیەکی زۆر دەکرا بەوەی یاساکە ئاسانکاری زۆری بە سەرمایەداری بیانی داوە، دانی ئیمتیازاتی زیاتر بە کۆمپانیای بیانی کاریگەری خراپی لەسەر سەرمایەدار و بازرگانی ناوخۆ نابێت؟**

– یاسای وەبەرهێنان یەکێک لە ئامانجەکانی ڕاکێشانی سەرمایەگوزاری بیانییە، هاوکات ڕێگای لەسەر کاروچالاکی پیشەکاران و بازرگانانیش لە ناوخۆ نەگیراوە، بازرگانی ناوخۆ و بیانی دەتوانن کار بکەن، بازرگان و سەرمایەداری بیانی پێویستە هاندانێکیان هەبێت بۆ کارکردن لە کوردستان، ئێمەش دەتوانین سوودیان لێوەربگرین، تاکو ئێستاش ٩٠٪ی کاری بازرگانی و پیشەسازی سەرمایەداری ناوخۆ دەیکات.

## یەکێتی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی کوردستان لە بەرنامەدایە

*** لە چەندین بۆنەدا باس لە دامەزراندنی ژووری بازرگانی کوردستانی کرا، پێشتر لە دەستەی نوێی ژووردا چەند سیمینارێک بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام درا، ئایا بیرۆکەی دامەزرانی ئەم ژوورە هەیە؟ گەر لە بەرنامەدابێت سوودەکانی ئەم ژوورە یەکگرتووە چی دەبێت؟**

– ژوورەکانی بازرگانی کوردستان یەکێتی و یەکگرتوویی باشیان هەیە، بیروبۆچوونەکانمان نزیکن، لە بەرنامەش دایە بەمنزیکانە هەنگاو بۆ دامەزرانی یەکێتی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی کوردستان بنرێت.

*** وەزارەتی بازرگانی وەکو یەکێک لە وەزارەتە تازەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاستی پەیوەندییەکان چۆنە، ئایا لە گرفت و مەسەلە گرنگەکانی ڕەوشی بازرگانی کەناڵی پەیوەندی و گفتوگۆ هەیە؟**

– لە زۆربەی بۆنە و چالاکییەکان هەردوو لا بەشداری دەکەن، لە زۆربەی کارەکان و بڕیارەکانیش پرس ورا بە ئێمە دەکرێت، تەنانەت لە پێشوازی شاندە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان بەشداری هەردوولامان هەیە، ئەمڕۆ کەناڵی گفتوگۆ و پەیوەندی زیاتر بووە.

*** لە کوردستان ماوەیەکە پێشانگای نێودەوڵەتی دەکرێتەوە، ئەم پێشانگایانەش وەکو کەرنەڤاڵێک سیمینار و کۆنگرە و کەسایەتی ئابووری و بازرگانی بیانی بەشداری دەکەن و لە چەند پێشانگای ڕابردوو ژوورەکەتان بەشداری و بوونیان هەبوو، لە دوا پێشانگای بازرگانی نێودەوڵەتی ڕۆڵی ژوورەکەتان چییە؟**

– ئێمە ڕێکخراوێکی بازرگانی و پیشەسازین لەم ڕوانگەیەوە هاتن و میوانداریێتی شاند و بازرگانی بیانی و کردنەوەی پێشانگا پەیوەندی بە ئێمەشەوە هەیە و، بەپێی تواناش پێشوازییان لێکردوون و لە سەرجەم پێشانگاکانیش ئامادەییمان هەبووە، کردنەوەی پێشانگاش سوودی مەعریفی و ئابوری هەیە بۆیە پێویستە لە داهاتوو زیاتر بایەخی پێ بدرێت.

*** لە ئاستی حکومەت گرفت لە نێوان بەغدا و هەولێر هەیە، ئایا لە ئاستی ژوورە بازرگانییەکانیش هەمان گرفتی دابڕان و ناکۆکی هەیە، یاخود واقیعەکەی ئێوە جیاوازە؟**

– بارودۆخی ئێمە جیاوازە، ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر ئەندامە و پەیوەندیمان هەیە، پێشتر پەیوەندی نێوان ژوورەکان کەم بوو، ئێستا ئەو پەیوەندییە باشترە و لە بەرنامەدایە پەیوەندییەکان توندوتۆڵتر بکرێت.

*** زۆر لە کێشە ئابوورییەکانی کوردستان بەتایبەت دیاردەی نرخ هەڵاوسان دەخرێتە سەر ئۆباڵی بازرگان و سەرمایەداری کورد، بیروبۆچوونەکان بەو ئاراستەیە دەڕوات کە بازرگان کێشەکەی ئاڵۆزتر کردووە و، ئەوان گەمە بە نرخ و بەهاکانی بازاڕەوە دەکەن؟**

– زۆربەی گرفتە ئابوورییەکان بۆ بارودۆخی گشتی عێراق دەگەڕێتەوە، من ناڵێم لێرەولەوێ کەسانێک هەیە نرخەکان گران دەکەن، بەڵام گرفتەکان پەیوەندی بە بەغداوە هەیە، بۆ نموونە بێ بەهایی دینار زیاد دەبێت..

بەرزبوونەوەی نرخەکان زیانی بۆ بازرگانەکانیش هەیە، چونکە بازاڕ تووشی سست بوون دەبێت، کاتێک پێداویستی گران بێت کڕیار کەم دەبێت، نەبوونی سووتەمەنی و گرانی یاخود نەبوونی کارەبا هەمووی نرخەکانی بازاڕ گران دەکات.

*** لە ساڵی ٢٠٠٧دا بەرنامە و کاری ئاییندەی ژوورەکەتان چییە؟**

– دامەزرانی بەشی پەیوەندی و ڕێکلام و ڕێکخستنی پرۆگرام و دروستکردنی بینایەی نوێ و، دەرکردنی ڕۆژنامە و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ژوورە بازرگانەکانی ناوخۆ و دەرەوە. لەگەڵ وڵاتی چیک پەیوەندی پتەومان هەیە و سەردانی ئەو وڵاتەمان کردووە، هەروەها وڵاتانی تری دەوروبەر و ئیتاڵیا بە هەمانشێوە.

**لە کۆتاییدا بەڕێزی سەبارەت بە هەڕەشە و دەستێوەردانی دەرەکی بۆ ناو کاروباری ناوخۆی کوردستان و عێراق گوتی:**

– لە کوردستان ئارامی و ئاسایش هەیە و، حکومەت و دەسەڵاتی سیاسیش لەسەر بنەمای پەیوەندی هاوبەش و ئابووری کارەکان دەکات، بڕوا ناکەم کەس بتوانێت دەست لە کاروباری ناوخۆی هەرێمەکە بدات، ئەمە لە بەرژەوەندی هیچ لایەنێکدا نییە.

ئەمڕۆ لە ئاکامی ئارامی باودۆخەکە بازرگان و سەرمایەداری زۆر لە ناوخۆی عێراق ڕوودەکەنە کوردستان و بۆ ئێمەش سوودی هەیە و بواری کارکردنی هەموو کەسێکیش هەیە.

بایەخدان بە ئابووری و کەرتەکانی سەرەتایەکە بۆ دەوڵەمەندبوونی کلتووری